# بورهان بەرزنجی و زمان و شێواز

پ.د. عبدالواحد مشیر دزەیی

ئەم دیوانە شعرییەی شاعیری بەتوانا و لێهاتوو (بورهان بەرزەنجی) م بە وردی خوێندەوە ، لە رستیدا تاموچێژێکی زۆرم لێبینی، چونکە ئەقڵ و هۆش و سۆز دەدوینێت، ئەوەی من لەسەر وەستام زیاتر زمان و شێواز و واتای ئەودیوی وشە و رستەکان بوو. کە چوارچێوەی پسپۆرییەکەی خۆمە، ئەوەی زمانی شعری ئەم شاعیرە جیادەکاتەوە لە شاعیرانیتر ئەوەیە یاری بەدوو زمان دەکات کە بریتین لە زمانی ئەکادیمی و زمانی رۆژانەی سەرزاری خەڵکین ئەمەش بە پێی سروشتی شیعرەکە لە گۆڕاندایە لە وشەی سادە لە روخسار و بەهێز لە واتادا. شاعیر لە شعرەکانیدا هەست و بۆچوون و هەڵچوونەکانی داهێنەرانە لە بۆتەیەکدا داڕشتووە تێڕوانینێکی جیاواز دەدات بە ژیان و تەزووی هۆشی خوێنەر دەوروژێنێت و کارگەرێکی سیحراوی دەکاتە سەر هەست و نەستی خوێنەرانی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ توانای شاعیر لە خوێندنەوەی بیری خوێنەر هەربۆیەش زۆرترین کەس خۆی لە شیعرەکانیدا دەبینێتەوە . وشە و رستە دەربڕاوەکان رەبگدانەوەی ناخی جوانی شاعیرن شیعرەکانی لەپاڵ هەستێکی جوان و رەسەنە و داهێنەرانە دەربڕاون و سوودی لە زمانی هەستەکان وەرگرتووە بەتایبەتی هەستی بینین و بیستن و بەرکەوتن تەنانەت تام و بۆنیش ئەمەش وایکردووە خوێنەرانی زیاتر بخرۆشێنیَ و خوێنەربۆخۆی رابکێشی و خۆویستانە ئاوێتەی شیعرەکانی ببێت . وێنە و بەرجەستەکردن لە شعرەکانی دەربارەی ئەشق و جوانی و خۆشەویستی شایەتی ئەو راستییەن. هەوێنی ئەندێشەکانی خەون و ئازارەکانی خۆشەویستی بووە، شیعرەکانی کە بۆ ئافرەت نوستراون خاڵی بەهێزی شێوازی شیعرییەکانییەتی کە زۆر چاونەترسانە لەپاڵ سۆزێکی بەهێز دەربیبڕیوە، ئافرەت لای ئەو دایکە مناڵە خۆشەویستە هاوژینە هاورێیە ئەمەش وایکردووە نوێبوونەوەیەک بداتە چەمکی خۆشەویستی و دڵداری و مێیینەبوون، بێ ئەوەی یاسا کۆمەڵایەتییەکان ببەزێنێت، بۆیە من وای دەبینم شیعرەکانی لەم بوارەدا ئەگەر بەرزترنەبێت لە لە ئاستی شیعرەکان (نەزار قەبانی) ئەوا کەمتر نییە . لە کۆتایدا دەڵێم هەرکەس شیعرەکانی ئەم شاعیرە بخوێنێتەوە ئەوا کاریگەرییەکی ئەرێنی لەسەر ویژدان و دەروونی خوێنەر جێدێڵێت ، پربەدڵ هیوای سەرکەوتنی زیاتری بۆ دەخوازم .